www.kurdistannet.org
2-7-2006 2:23 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# ئایا خزمەتگوزاری بواری پزیشکی لە کوردستان لە ئاستی پێویستدایە؟ ... ئەندازیار نەریمان محمد گەلاڵی



چاوم کەوت بە هەندێک لە ئەندامانی کۆمەڵەی (پزیشکانی) نۆشدارانی کورد لە ئەڵمانیا کە لەم دواییە سەردانی کوردستانیان کردبوو هەموویان تێبینی ئەوەیان دەکرد کە دامودەزگا تەندروستیەکانی هەرێمی کوردستان لە بینای نەخۆشخانەکانەوە تا دەزگاو ئامێرەکانی پزیشکی هەموویان لە ئاستێکی هونەری مام ناوەندییان زۆر باش دان، بەڵام کەمو کورتیەکی زۆر هەیە لە شێوازی کارو هەست نەکردن بە لێپرساوێتی تەواو ئەوە جگە لە ڕەچاوکردنی بواری ماددی کە دەورێکی زۆر نەرێنی هەیە و بۆتە بارێکی قورس لەسەر حیسابی تەندروستی نەخۆش کە لەلایەن برێکی زۆر لە کارمەندانی ئەو بوارە بۆ زیاتر بەرژەوەندی کەسی پەیرەو دەکرێت.
لاری لەسەر هیچ شتێک نیە کە لەسەر بناخەیەکی دروست و یاسایی بازرگانی پێوە بکرێت تەنها بواری پزیشکی و تەندروستی نەبێت کە ناچێتە ناو قاڵبی بازرگانیەوە چونکە پزیشکی جگە لەوەی کارێکی مرۆڤانەیە هەڵسوکەوت لەگەڵ زانستێک دەکات کە کاسانی تر لێی نازانن و بەپێی یاسا بۆیان نیە خۆیان بخزێننە ناو ئەو بوارە، تا ئەو خوێندنە تەواو نەکەن و سوێندی پزیشکی نەخۆن کە بە سوێندی (هیپۆکرات) ناودەبرێت کە تیایدا باوکی پزیشکایەتی یۆنانی بەر لە چوارسەد ساڵ بەر لە زایین نوسیویەتیەوەو تا ئەمڕۆش پیادەدەکرێت و هەرکەسێک بەر لەوەی دەست بەکاری پزیشکی و دەرمانسازی (الێیدله) بکات دەبێت ئەو سوێندە بخوات کە تیایدا هاتوە

سوێند دەخۆم بە (هەموو) خواوەنداکان کە

+ هەرگیز هیچ دەرمانێک بەکارنەهێنم بەمەباستی خراپەکاری و زیان.
+ بە چاوێکی یەکسان سەیری هەموو نەخۆشێک بکەم و چی لە تواناڈا بێت پێشکەشی بکەم بۆ چارەسەری.
+ ئەو زانستەی کە هەمە بە ئەمانەتەوە بیگوازمەوە بۆ نەوەکان ئەوانەی دەیانەوێت لەو بوارە کاربکەن.
+ هەموو نهێنیەکی نەخۆش بپارێزم کە پشکنینی بۆ دەکەم.

بەڵام ئەوەی جێگەی داخە ئەو سوێند خواردنە دیارە تەنها وەکوو مەراسیمێکی یان بەشێکی وەرگرتنی بڕوانامەی لێهاتوە لە لایەن هەندێک لە گەلانی ڕۆژهەڵات کە ئێمەش یەکێکین لەوان. ئەوە سەرەڕای ئەوەی کە ئەو سوێند خواردنە کاسانی تر ناگرێتەوە کە کادری پزیشکی مام ناوەندین هەر لە برینپێچەوە تا هاوکارانی پزیشکی (المعاونین الگبیین) . چونکە ئەگەر ئەو سوێند خواردنە لە ویژدانێکی بێ خەوشەوە بێتە دەرەوە هەرگیز بەرژەوەندی و بازرگانی کردن بە نەخۆش و داوودەرمان ناگاتە ڕاددەی ئەوەی کە فرتوفێل لە دروستکردن و فرۆشتنی دەرمان بکرێت.

لە ڕیپۆرتاژێکی زۆر تێرو تەسەل کە چەند ڕۆژنامەنووسێکی تەلەفزیۆنی سی ئێن ئێن دەریانهێنابوو کە تیایدا بە چەند کامێرایەکی شاراوە لەو کارگانە دەگەڕان کە دەرمانی پزیشکی بە شێوەی نایاسایی و نهێنی لە هیندستان دروست دەکەن. هەڵبەت ئەو چوونەیان لە شێوەی هەڵخەڵەتاندنی خاوەن کارگەکان بوو بە بیانووی کڕینی دەرمانی زۆر و سەفقەی بازرگانی. زۆر جێگەی داخە کە زۆربەی ئەو کارگانە نەک هەر مەرجەکانی تەندروستی و ستاندەردیان تێدا نەبوو بەڵکوو هەندێکیان ماددەی ساختەشیان لە کەپسوول و تابلێتەکان (حبوب) دەکرد بەشێوەیەک کە هەندێکیان تەنها ماددەی گەچ و تەباشیری بوون!!!. من دڵنیام بەرهەمی ئەو کارگانە بە چەند هێلێکی شارراوە دەگەنە عێراق و کوردستان و لەسەریشیان دەنووسرێت کە هی وولاتێکی ئەوروپیە!!. چونکە لە ڕاستیدا هیچ لێکۆڵینەوەیەک یان سانسۆرێکی وا نیە کە ببێتە بەربەست لەبەردەم هاتنی ئەو جۆرە دەرمانانە و لەوانیە ئەوانەی لە بەشی سانسۆری دەمان کاردەکەن خۆیان بازرگانی دەرمان بن و لەلای ئێمە دەزگای گومرگیش ئەوەندە پێشکەوتوو بەهێز نیە کە بتوانێ دەرمانێک کە لە سەرچاوەیەکی ساختەوە بێت ئاشکرای بکات و لەمپەری لەبەردەم دابنێت هەروەها دەزگای پشکنین و لێکۆڵینەوەشمان نیە (دائره التقییس والسیگره النوعیه) کە لەنووسینێکی ترم پێشووتر ئاماژەم بەبایەخی دامەزراندنی دابوو.

زیندووترین بەڵگەش دەرمانخانە گشتی و لاچەپەکانی شارن کە تیایاندا ڕووە بازرگانیەکە زاڵە بەسەر ڕووە زانستیەکەی، ئەمە لەلایەک لەلایەکی تر ئەوانەی کە دەرچووی کۆلێژی دەرمانسازین و بۆیان هەیە بە پێی یاسا دەرمانخانە بکەنەوە بەڵام ئەگەر هەموویان نەبن ئەوا زۆربەی هەرەزۆریان دەرمانخانەکانیان یان ئیجازەکەیان بە کۆنتەرات دەوەتەوە کەسانێک کە لەوانەیە هەربۆیان نەبێت لەوبوارە کاربکەن وپیشەی ئەوان نەبێت کەچی بە خۆ یان خەریکی بازرگانی کردنن بە هێنان و فرۆشتنی دەرمان بێ ڕەچاوکردنی جۆر و سەچاوەی دروستکردن! (با لەم ڕووە لیژنەیەک پێکبهێنرێت بۆ لێکۆڵینەوە تا لە ڕاددەی ڕاستی ئەو مەسەلەیە بزانرێت) .

هیچ دکتۆرێک لە هیچ عیادەیەک ئامێرێکی کۆمپیوتەری دانەناوە کە هەموو زانیاریەک لەسەر ئەو ناخۆشانە تۆمار بکات کە سەردانی دەکەن بۆ ئەوەی بزانێ کە پێشوو تر چی داوەتێ و چۆن بووەو چی بەسەر هاتوە یان بتوانێ بە ئاسانی ڕاچێتەکەی بە چاپکراوی بداتێ بە زانیاری تەواوەوە. (بۆچی نەکرێتە مەرج کە هەموو پزیشێک پێویست بێت لە عیادەکەی کۆمپیوتەری هەبێت و ڕاچێتەش تەنها چاپکراو بێت وەکوو هەموو وولاتانی پێشکەوتوو لە فۆرمێکی پزیشکی گشتی) .

زۆربەی هەرە زۆری موختەبەرەکان جگە لەوەی کە لەگەل دکتۆرەکان هاوبەشن واتە ئەو دکتۆرەی کە نەخۆشێک بۆ لای موختەبەرێک ڕەواندەکات ئەوا بەشێکی (حێە) لەو پارەیە هەیە کە موختەبەرەکە لە نەخۆشی وەردەگرێت!!!!!!. پشکنینەکانیشیان واتە فەحسەکانیشیان تەواو و هەستیار نین. بۆ نموونە خوێنی نەخۆشێک بۆ فەحسی حومەی مالتا ببرێتە لای پێنج موختەبەر لەوانەیە دوویان پۆزەتیڤ و سێشیان نێگەتیڤ دەربچن!!!!!! هەبۆیەشە دکتۆرەکان چەند جارێک ئەو فەحسانە بە نەخۆش دووبارە دەکەنەوە چونکە باوەڕیان پێیان نیە و دیارە دەبێت لەبەر شتی تریش بێت کا باسمان کرد!. سەرەڕای ئەمانە شێوازی کار و ئامێر و کادیرەکانی ئەو بوارە زۆر کەمو کورتیان تێدا هەیە.

خەستەخانەی منداڵبوون دیارە دەبێت زۆر بێ بایەخ بێت و هیچ حیسابێک بۆ منداڵ و دایک و خێزان ناکرێت ئەگەر نا چۆن تەنها لە شاری هەوڵیر لەو سالانەی دوایی چەند سەد منداڵێک دەستێکیان یان قاچێکیان لەکاتی لە دایک بوون لە ئەنجامی کەمتەرخەمی و نەزانی سەقەت کراوە باشە من دەپرسم ئەگەر ئەوە تاوان نەبێت چ ناوێکی تری لێ بنێین ئایا کێ بەرپرسیارە لە و تاوانانە دکتۆرەکان یان مامانەکانی ئەو خەستەخانەیە!.

باوکێک زۆر زۆر نیگەران بوو کاتێک زانی دەستی کوڕەکەی سەقەت کراوە و چارەسەریشی نیە بەڵام پاش دوو ساڵ کچێکی تریشی بوو بەهەمان شێوە لە ئەنجامی نەزانیەوە بە ڕاکێشانێکی بە هێزەوە سەقەت کراوە! ئەگەر کار بەو شێوەیە بڕوات و نەخۆشخانەی مندالبوون کاری تەنها سەقەتکردنی منداڵی کورد بێت کەواتە پاش چەند ساڵێک نەوەیەک دروست دەبن کە هەموویان سەقەت و دەبن بە بار لەسەر کۆمەڵ.

کە یەکێک نەخۆشیەکی وەکوو مایەسیری (بواسیر) تووش دەبێت چ ژن چ پیاو هەڵبەت پێویستی بە پشکنین و نەشتەکاری دەبێت و ئەوە لە ڕووی زانستیەوە هیچ نەنگیەک یان شتێکی نائاسایی تێدا نیە کەچی زۆر بەداخەوە لەلایەن کادیرانی نەشتەکاریەوە ئەوانەی لەگەڵ دکتۆرەکان کارەکە لە نەخۆشخانە ئەنجام دەدەن ناویان لەو عەمەلیاتە ناوە تەلەفزیۆن و بەو شێوەیە ئیهانەی کەرامەتی نەخۆش دەکەن و نهێنیەکانی باس دەکەن!!!.

لە نەخۆشخانە گەورەکانی وەکوو کۆماری و ڕزگاریش ئەو فەحس و دەرمانانەی کە دەکرێن و دەدرێن بە نەخۆش تۆمار ناکرێن بۆیە کاتێک کە نەخۆش دەگوازرێتەوە یان دکتۆر دەگۆڕدرێت ئاگای لە ئەوانەی پێش خۆی نیەو نازانێ چی بۆ کراوە یان ئەگەر بشزانێ ئەوا دیسان مەجبوور دەبێت کەبۆی بکاتەوە چونکە بەردەست نین یان تۆمارنەکراون، جا لەوانەیە ئەو کارە چەندان جار دووبارە دەبێتەوە بەتایبەتی لەو نەخۆشانەی کە نەخۆشیەکەیان درێژخایەنە.

پزیشک یان نۆشدار یان دکتۆر هەروەها هەموو کارمەندانی ئەو بوارە لێپرسراوێتیەکی گەلێک مەزنی مووڤایەتی و ئەخلاقیان لە ئەستۆیە و لە کۆمەڵی کوردەواری ولە لایەن حوکمەتی هەرێمیشەوە ڕێزو پێزانینێکی گەلێک زۆریان هەیە بۆیە پێویستە ئەو خزمەتەی کە پێشکەشی دەکەن بەلایەنی کەمەوە لەئاست ئەو لێپرسراوێتیەو ڕێزەوە بێت و حوکمەتیش پێویستە چاودێری شێوازی کارکردن و هەڵسوکەوتی کارمەندانی ئەو بوارە بکات ودیسپلین و سنوور بۆ پێشێلکاریەکان دابنێت.

تێبینی / ئەو نووسینە تەنها بە مەبەستی بەرژەوەندی گشتی نووسراوەو بەس.